


# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی «گۆڕستانی غەریبان»

ڕزگار ئەمین نەژاد

## ١

وەك سەرەتایەك هەوڵ دەدەم بە پێداچوونەوەیەكی كورت، لەسەر هێندێ بنەمای فكریی سەبارەت بە مەكتەبی ڕێئالیسم و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیات و هونەردا، دەلاقەیەك بەسەر ستروكتوری ڕۆمانە كلاسیكییەكاندا بكەمەوە و، دواتر لەم گۆشەنیگایەوە خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی "گۆڕستانی غەریبان" لە نووسینی ئیبراهیم یونسی بكەم. لە نێو بەرهەمەكانی ئیبراهیم یونسی دا بە بۆچوونی من ڕۆمانی "گۆڕستانی غەریبان" لە دوولایەنەوە جێگای سەرنج و تێڕامانە؛ یەكەم بەهۆی ڕەهەندی ڕێئالیسمی ڕەخنەگەرانەی ئەم ڕۆمانە و، دووهەم بە هۆی هوونەری نووسەر لە دەربڕینێكی ئۆبژەكتیڤانە دا. ئەم ڕۆمانە بەرهەمێكی سادە و لەهەمان حاڵدا ڕێئالیستیانەیە، خاوەن ساختمانێكی داستانیی تۆكمەیە، كەسایەتییەكانی نێو ئەم چیرۆكە نموونەیەكی زیندوون و هەروەها ئەم ڕۆمانە خاوەن نەسرێكی پاراو و لە هێندێ حاڵەتدا شاعیرانەیە. لەم بەرهەمەدا نووسەر بە پێی دەستمایەی ئەزموونەكانی خۆی و ڕوانینە عەینی و حەقیقییەكانی خۆی، هەوڵیداوە لەڕێگای هەڵبژاردنی كەسایەتییەكانی نێو داستانەكەی و هەروەها هەڵبژاردنی ئاقارێكی ڕێئالی، بەستێنێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی حەقیقەت و واقیعیەت لەم ڕۆمانەدا فەراهەم بكات و، بەم چەشنە ڕەهەندی واقیعنوێنیی داستانەكە بەهێز بكات و ئەم ڕۆمانە لە فۆرمێكی ڕووكەشیانە و بەرهەمێكی ژوورنالیی دەربهاوێت و بیكات بە بەرهەمێك كە لەباری داستانییەوە جێگای تێڕامانە. مایە و كەیفیەتی فانتازی وەك زەرووورەتێك لەم ڕۆمانەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام جێگای بە حزووری سەربەخۆی واقیع تەنگ نەكردووە و بگرە توانایەكی بەهێزی بە دەركی زەمان/ مەكانی ڕۆمانەكەش بەخشیوە.

دیارە نابێ لەبیری بكەین كە گێڕانەوەی واقیع جیاوازی لەگەڵ ساختی ڕۆماندا هەیە و، نووسەری ڕۆمان واقیعەكان لە قاڵبی ستروكتورێكی جوانیناسیانەدا دەدا بەدەستەوە. ئەگەرچی ڕۆمانی ڕێئالیستی زۆرتر سەرنج بە جوزئیاتی ژیانی ڕۆتینیی دەدات، بەڵام لەهەمان حاڵدا لە تێمی چیرۆكەكەیدا بەگشتی و لە پەیامی سەرەكی ڕۆمانەكەیدا بەتایبەتیی ئەم جوزئیاتانەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. نووسەری ڕۆمانی ڕێئالیستی دەربڕی واقیعییەتێكە كە پێشتر لەڕێگای ڕوانینە عەینییەكانیەوە لە زەین و بیرەوەرییەكانیدا تۆمار كراوە و دواتر لە ڕێگای تەكنیكی زمانی و داهێنانەوە هەوڵدەدات شتێكی جیاواز بۆ ستروكتوری بەرهەمەكەی ڕەچاو بكات.

مەكتەبی ڕێئالیزم لەو لایەنەوە گرینگی خۆی وەردەگرێت كە مەكتەبەكانی دوای خۆی نەیانتوانیوە لە قەدر و ئیعتیباری ئەم مەكتەبە كەم بكەنەوە و تەنانەت بینای ڕۆمانی نوێ و ئەدەبیاتی ئەمڕۆی جیهان لەسەر پایەی ئەم مەكتەبە داڕژاوە. ڕێئالیسم لە دەسپێكی دروستبوونیەوە دژكردەوەیەك بوو لە حاست بزووتنەوەی هونەر لە پێناوی هوونەردا و مێژووی سەرهەڵدانەكەی لە سەدەی نۆزدەهەم و بە گوتەیەك لە فەرەنسادا بووە. بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٨٣٥ دا ڕێئالیسم وەك مەكتەبێكی هونەری بۆ تەوسیفی جوانیناسی و بەرجەستە كردنەوەی واقیعە ئینسانییەكان لە نەقاشی ڕامبێراند دا مەترەح دەبێت كە خاڵی بەرامبەری سەبكە زەینیگەراییەكان و ڕوانگەی شیعریی لە نەقاشی نیۆكلاسیك دا بووە (Lukacs، ٢٠٠١). مەكتەبی ڕێئالیسم لەم سەردەمەوە بەرەو ڕووی گەلێك ڕەخنە بۆتەوە، بەڵام بە گشتی ڕێئالیسم وەك مەكتەبێكی هونەری و ئەدەبی لە هونەری فیگۆراتیڤ و ئەدەبیات لە ئەوروپا و دواتر ئەمەریكادا ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەستاند. ڕێئالیسم لە زۆر حاڵەتدا لەسەر بنەمای هاودژییەكان (تضاد) و تەفسیری جیاوازدا خۆی دەر دەخات. هەربۆیە دیاریكردنی پێناسەیەكی دیاریكراو بۆ ئەم مەكتەبە زەحمەتە و هۆكارەكەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنایەتی تێگەیشتن لە بنەمای چەمكی واقیعیەت. چونكە واقیعییەت ئەمرێكی نیسبی و بگۆڕە (متغیر) كە لە ژێر كارتێكەری ڕەوتە هاودژەكاندا بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەم ڕەوتە هاودژانە لەهەر قۆناغێكی مێژووییدا، چەمكی واقیعییەت لە قاڵب و زەرفیەتێكی دیكە دا پێناسە دەكەنەوە كە خۆی زادەی هۆكارە عیلیەت / مەعلولیەكانە و، هەروەها كاردانەوەی هاودژە كۆمەڵایەتی و ئەساڵەتە فیكرییەكانیشی لەسەر دیارە. كاتێ باس لە واقیعییەت دەكەین یەكەم شتێ كە لە زەینماندا دروست دەبێت فۆرمی واقیعیی و موجەرەدی ئەم چەمكەیە، واتە شتێك كە لەبەردەستماندا بێت و بتوانین لەمسی بكەین، نەك شتێك كە تەنیا وەك فەرزێكی براوە (مسلم) ڕەچاو بكرێت. ڕەخنەگەرانی ئەم مەكتەبە لەسەر ئەو باوەڕەن كە واقیعگەرایی چاوپۆشی لە خودی ستروكتوری واقیعییەت كردووە و تەنانەت واقیعییەت وەك دیاردەیەكی عەینی و مسۆگەر فەرز دەكات و، پێی وایە كە دیاردەیەكی حەتمی و "واجب الوجوده" نەك دیاردەیەك كە بەرهەمی هاودژە مێژوویی و كۆمەڵایەتییەكان بێت (هەمان سەرچاوە). هەر بۆیە ڕەنگە باشترین پێناسەیەك بۆ ئەم ڕەوتە ئەدەبییە خۆی لەم كانسێپتەدا ببینێتەوە كە؛ ڕێئالیسم مەیلی ئیرادەیی هونەرە بۆ نزیك بوونەوە لە واقیعییەت.

دیاریكردنی قارەمانی چیرۆك بەلای نووسەری ڕێئالیستەوە كەسێكی دیاریكراو و نائاسایی و یاخۆ سەیروسەمەرە نییە كە جیاوازییەكی فانتازیكی لەگەڵ كەسانی ئاساییدا هەبێت. ئەو قارەمانەكانی خۆی لە نێوان خەڵك لە هەر فەزایەكدا كە قابلی دەرك بێت هەڵدەبژێرێت و ئەم كەسە لەڕاستیدا نموونەی گشت هاوچەشنەكانی خۆیەتی و وابەستە بە كۆمەڵگەیەكەوە كە لەودا دەژێت. ئەم كەسە ڕەنگە نموونەیەكی بەرجەستە و كارامە بێت لە نێو هاوچەشنەكانی خۆیدا، بەڵام كەسێكی دیاریكراو و نائاسایی نییە. چونكە هۆیەتی فەردی لەم گۆشەنیگایەوە، بریتییە لە هۆیەتی زەمیری خودئاگاهی كە بە پێی زەمان لە وجودی تاكدا نیهادینە دەبێت و شكل دەگرێت. بە واتایەكی دیكە تاك لەڕێگای

ئەو بیرەوەریانەی کە لە هزر و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیدا ڕەگی داکوتاوە، پێوەندی لەگەڵ هۆیەتی بەردەوامی (مستمر) خۆیدا دروست دەکات. دەیڤید هیوم فەیلەسوفی سکۆتلاندی ئاخێزگەی هۆیەتی فەردیی تاك لە کۆبەندی بیرەوەرییە فەردییەکانی خۆیدا دەناسێت و دەڵێت: " ئەگەر بیرەوەرییەکەمان نەبوایە قەت نەماندەتوانی وێنای (تصور) عیلییەت لەلامان دروست ببێت و لە ئەنجامدا قەت نەمان دەتوانی زەنجیرەی عیلەت/ مەعلوولی ڕوداو و شتەکانی دەوروبەری خۆمان دەرك بکەین کە نەفس یاخود زاتی بوونی ئێمە پێك دێنن." (Exphil, ٢٠٠٦). ئەم چەشنە ڕوانگەیە بەشێکە لە تایبەتمەندی ڕۆمان. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کەسایەتی و هویەتی مرۆڤ وابەستە بە عونسورێکی دیکەشە کە ئەویش زەمانە. بۆ نموونە بنەمای فەردییەت بەلای جان لاکەوە بریتییە لە هەبوون لە زەمان و مەکان دا، وەك چۆن گۆڕانی چەمکەکانیش بە پێی زەمان و مەکان عومومیەت پەیدا دەکەن. کەواتە چەمکەکان لە حاڵەتێکدا گشتیی دەبنەوە کە ئەم دوو قاعیدە گشتییە هاوتەریب لەئارادا بن و کاردانەوەیان لەسەر یەکتر هەبێت. هەر لەم سۆنگەوەیە کە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان دەتوانن فەردیەتی خۆیان بەدەست بێنن کە لەکۆنتێکستێکی زەمان/ مەکانی خاسدا ئامادەبوونیان هەبێت. کۆلێریچ لەسەر گرینگی مەکان لە ڕۆمان ئاوا باس دەکات: "لەباری سایکۆلۆژییەوە، دەرككردنی زەمان لە ڕۆمان دا بەپێی مەکان و ئەو شوێنەی کە داستانەکەی تێدا جاری دەبێ دروست دەبێت." (گلدمن ١٣٧١). هەر بەم هۆیەیە کە ڕۆماننووسی ڕێئالیست، سەرانسەری چیرۆکەکەی بە چەشنێك دادەڕێژێ کە ئەم دوو عونسورەی تێدا پارێزراو بێت.



## ٢

کۆمەڵناسی ئەدەبیات لە ئێستادا، یەکێکە لە شێوازە مۆدێڕنەکانی نەقدی ئەدەبی کە لە شرۆڤەکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، بەتایبەت ڕۆمان دا، بەشێوەیەکی بەرچاو دەکار دەکرێت. نەقد و شرۆڤەی ڕۆمانەکانی هاوچەرخ و لێکۆڵینەوە لەسەر ستروکتوری مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیانە لە دەیەکانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەزیاد بووندا بووە. ئەو کانسێپتە گرینگانەی کە لەڕێگای ئەم چەشنە لە ڕویکەردی نەقدی ڕۆمانەوە هاتوونەتە ئاراوە، یارمەتییەکی ئەوتۆیان داوە بە دەرکی کۆمەڵناسان سەبارەت بە خوێندنەوەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ (گلدمن ١٣٧١). کۆمەڵناسی ئەدەبیات لقێکە لە زانستی کۆمەڵایەتی کە زۆر بە تەخیرەوە لە حەوزەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سەری هەڵهێناوە و گەشەی کردووە کە ڕەنگە هۆکاری ئەم تەخیرە بگەڕێتەوە بۆ کەیفیەتی زەمینەکانی ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە کە بە شێوەیەکی وێرایی (چمنی) مەودا لەگەڵ عەینیەت و لایەنی مادیی ئۆبژەکان دەگرن و لە دونیای زێهنیەت و عاملیەتی سایکۆلۆژیکی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نێزیکتر دەبێتەوە. هەر لەم بوارەوە دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵناسانێکی بەرجەستە بکەین کە کاریان لەم پانتاییەدا کردووە؛ جۆرج لۆکاچ، لوسین گۆڵدمەن، تێئۆدۆر ئادۆرنۆ، کۆهلێر و باختین بەشێکن لەو نموونانە. بەتایبەت لەم نێوانەدا لۆکاچ یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە توانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات وەك زانستێکی کاربوردی مەترەح بکات و پێوەندی بداتەوە بە جوانیناسی کلاسیك و دیالەکتیکی هێگل و مارکسەوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبیاتەوە بەرهەمی هونەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ویکچوونێکی زۆر لە نێوان ستروکتوری بەرهەمە هوونەرییەکان و ستروکتوری زەینیی بەشێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە - یان لانی کەم پێوەندییەکی دەرکپەزیریان بەیەکەوە هەیە (هەمان سەرچاوە). بەڵگەی سەرەکی بۆم ئەم ڕوانگەیە پرسی جوانیناسانەی هونەرە کە لە خۆیدا بەرهەمی جیهانی فانتازیك و کانسێپتە زێهنیەکانی مرۆڤن و لەهەمان حاڵدا زۆر پڕبایەخ و دەوڵەمەندن. بەم چەشنە ستروکتوری پێکهێنەری بەرهەمێکی هونەری وەك عونسورێکی گرینگی جوانیناسی دێتە ئەژمار کە لە وشیاری کۆمەڵایەتی ئێمەدا نەهادینە بووە.

لە تەعریفی ڕۆمان دا ئاماژە بە لایەنی ڕیوایەتی و داهێنان لە دەقدا دەکرێت، کە لەباری ستروکتورییەوە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت؛ یەکەمیان درێژایی داستانییە (واتە مەودای نێوان خاڵی دەسپێك و خاڵی کۆتایی چیرۆك) ئەوەی دیکەیان ئێپیزۆدەکانن کە خاوەن پێچیدەگییەکی تایبەتن و پێوەندیان بە ئەزموونەکانی مرۆڤ و ئیستەعدادی فانتازیکی نووسەری چیرۆکەوە هەیە و لەڕێگەی کۆمەڵێ ڕووداوەوە، بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژیك، لە زەمینەی ڕۆماندا بەیان دەکرێن. ئەم پێناسەیە پێوەندی بە باری ستروکتوری تەکنیکی ڕۆمانەوە هەیە، بەڵام بەشێکی دیکە لە لێکۆڵەر و مونتەقەدینی ئەدەبیی سەرنج بە ناوەڕۆك و مایەی دەروونی ڕۆمان دەدەن. بۆ نموونە میلان کۆندێرا لە کتێبی هونەری ڕۆمان (١٣٦٧)، لە پێناسەکردنی ڕۆماندا دەڵێت: "ڕۆمان، ئیعتیرافاتی نووسەر نییە، بەڵکە توێژینەوەی چۆنایەتی ژیانی مرۆڤ لە جیهانێکدایە کە لەداوی کەوتووە." هەر لەم میانەیەدا جۆرج لۆکاچ (٢٠٠١) پێناسەیەکی دیکە لە ڕۆمان دەدا بەدەستەوە کە زیاتر سەرنج بە نێوەرۆکی ڕۆمان دەدات و دەڵێت: "ڕۆمان، حیماسەی زەمانە، ئەو زەمانەی کە ناتوانین کولیەتی دەروونی ژیان بە تەواوی ببینین، زەمەنێك کە هەست دەکەین بەقاو مانەوەی مەعنا لەگەڵ ژیاندا ناتەبایە." ئەم دێڕانەی لۆکاچ ڕەنگە مێتافۆرێك بێت بۆ ئەو دۆخەی کە من لەم بابەتەدا ناوی دەنێم "عومقێکی سادە". قوڵایی سادەی زەمەنە تێژتێپەڕەکانی ژیان کە لەچەند چرکەدا مەعنا پەیدا دەکەن و بە خێراییش لەبیر دەچنەوە. وەك گشت ئەو وێنانەی کە بە چاوخشاندنێك بە

پەنایاندا تێپەڕدەبین و هەستێکی کاتی لەلامان چێدەکەن. ئەو زەمەنانەی کە ڕوانینە عەینییەکانی ئێمە تەنیا کۆپییەکی کەمڕەنگیان لێ هەڵدەگرنەوە و زۆرجار بەبێ ئەوەی هەستێکمان تێدا چێبکەن، بەپەنایاندا تێدەپەڕین.
گرینگی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لێرەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە مانا بەم قووڵاییە سادەیە دەبەخشێت. ئەم ساتە تێژتێپەڕ و لە هەمان حاڵدا پڕ لە مانایانە، بە پێی زەمەن لە نیهادی ناوشیاری (چمیر ناخوداگاه) هونەرمەند و نووسەردا دەبن بە زەمینەسازکەری بەرهەمێکی هونەری و، لەوەها دۆخێکدایە کە خوێنەر پێوەندییان لەگەڵدا دروست دەکات و بە سوورمانەوە لەم ساتە تێژ تێپەڕیوانە ڕادەمێنێت کە ڕەنگە بە دەیانجار بە پەنایاندا تێپەڕ بووبێت، بەڵام دەرکی پێنەکردبێت. کاتێ "سلێمان ئاغا" لە ڕۆمانی "گۆڕستانی غەریبان" دا باس لە "عالیە" دەکات کە لەگۆشەیەك ئەژنۆی خەم لە باوەش دەگرێت و بەچەندین سەعات لە بۆشاییەکانی زەمان ڕادەمێنێ، ڕەنگە نموونەیەکی باش بێت بۆ مانا بەخشین بە قووڵاییەکی سادە. ساتە دڵتەنگییەکانی "عالیە" کە خاڵی وەرچەرخانی (نقطه عطف) دراماتیکی ئەم ڕۆمانەیە، ئەو کۆپییە کەمڕەنگەی زەمانە کە مرۆڤەکان زۆر بە ئاسایی بە پەنایدا تێدەپەڕن. گرینگی نەقدێکی کۆمەڵناسیانە لێرەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە قووڵایی سادەی ساتە تێژتێپەڕەکانی ژیان لە کۆنتێکستێکی میکانیکییەوە شرۆڤە بکات و پێناسەیەکی عەینی لە تەعامووڵی نێوان ئەکتەری (کنشگر) کۆمەڵایەتی و ستروکتوری کۆمەڵگە بدابەدەستەوە. ئەگەرچی ڕۆمان بەچەشنێك گێڕانەوەی واقیع، ژیان و نەریتەکانی مرۆڤە و بە شێوەیەکی تایبەت دادەڕێژرێت، بەڵام بەگشتی ڕەنگدانەوەی ستروکتوری کۆمەڵگەشە و ئەم ڕەهەندەی ڕۆمانە کە زۆر جێگای سەرنجی کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتە.
لە هەڵبژاردنی ڕۆمانی "گۆڕستانی غەریبان" دا من هەوڵمداوە سەرنج بە سەبك و شێوازی نووسەر بۆدەربڕینی ئازارێکی مێژوویی بدەم کە لەم بەرهەمەدا دەکاری هێناوە، نەك بەتەنیا گێڕانەوەی ڕۆمانەکە. چونکە ناوەڕۆکی هەر ڕۆمانێك پێوەندی بە لایەنەکانی ژیانی ئەوکەسانەوە هەیە کە تەواویەتی ئەم ڕۆمانەیان پێکهێناوە. پێکهاتەی ڕۆمان لە خۆیدا پێڕەوی لە سێ شێواز یاخود سێ ستروکتوری گشتی دەکات کە بریتین لە:
١/ ساختی داستانی
٢/ ساختی مێژوویی/سیاسی
٣/ ساختی کولتووری/ کۆمەڵایەتی
بێگومان لە چۆنیەتی دارشتنی هەر ڕۆمانێکدا - بە پێی ڕوانگەی نووسەر و شێوەی سەرنجی نووسەر لەسەر ڕوداوەکانی ژیان - یەکێك لەم پێکهاتانە لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستە دەبێتەوە. بۆ نموونە ڕەنگە بەرهەمێك لایەنی کولتووریی ڕۆمانەکەی بەرجەستەتر بکاتەوە و بەرهەمێکی دیکە لایەنەکانی مێژوویی/سیاسی ڕۆمانەکەی تێدا زەقتر بێت و نووسەرێکی دیکە سەرنجێکی زیاتر بە ستروکتوری کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکەیدا بدات.

### ٣

گۆڕستانی غەریبان، یەکێکە لە ڕۆمانەکانی نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا ئیبراهیم یونسی. ئەم ڕۆمانە لە ڕیزی ڕۆمانە کلاسیکەکانی ئێران دێتە ئەژمار و خاوەن سەبکێکی ڕیئالیستییە کە بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە کۆمەڵێ ئەزموون و بیرەوەرییەکانی نووسەر دەبەستێت. نووسەر هەوڵیداوە کەسایەتی مرۆڤەکانی نێو ڕۆمانەکەی لە بەستێنی ڕووداو و لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا پیشان بدات و، بە پێچەوانەی ڕۆمانی نوێ، کەمتر خۆی بە ڕۆئیەتی دەروونی یاخود شوناسی دەروونی و ڕەمزاوی قارەمانەکانی نێو داستانەکەی خەریك کردووە. بێگومان یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ڕیئالیستی ڕەهەند یاخود بوعدی ڕیئالیستیانە و کۆمەڵناسیانەی ڕۆمانە، کە باس لە دیالێکتیکی پێچیدەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ دەکات. زەمینەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە کوردستانی ئێرانە و زوومی سەرەکی داستانەکەش لەسەر شاری "بانە"یە. کوردستانی ئێران لەم سەردەمەدا لەباری دۆخی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن سیستەمێکی شوانکارەیە (pastoral) و کەسانی نێو ئەم ڕۆمانە لەم زەمینە کۆمەڵایەتییەدا پێدەگەن و ڕۆڵی خۆیان دەبینن کە لە زۆر حاڵەتدا دەتوانین نموونەکانی نێو ئەم داستانە وەك شاهیدانێکی دیاریکراو و زیندوو ڕەچاو بکەین. یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاوکردنی سەبکی واقیعگەرایی کە بە مەبەستی تەوسیفی قووڵایی ژیانی خەڵك، توانیویەتی سورەت و قاڵبێکی گونجاو بۆ پیشاندانی دۆخی ژیانی پڕ لە ئازار و چەوساندنەوەی سیستەماتیکی قارەمانەکانی نێو ئەم چیرۆکە فەراهەم بکات.
گێڕانەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکە لەباری تەکنیکی ڕۆمانییەوە لە نێوان کەسی یەکەم و کەسی دووهەم دا دەست پێدەکات و کەسی سێهەم حزوورێکی عەینی لەم ڕۆمانە دا نییەو. ڕووداوەکانی ئەم داستانە لە ڕێگەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی "حسێن" و "برایم" دەست پێدەکات کە خاوەنی چەندین ئێپیزۆد (بابەتە لاوەکییەکان) و هێڵێکی درێژە. ئەم دوو کەسە ڕووداوەکان بیری یەکتر دەهێننەوە، بەڵام نەك وەك کاردانەوەیەکی سۆزاوی یاخود مۆنۆلۆگ، بەڵکە لە زەمینەیەکی دیالۆگیدا باس لە ڕەنج و ئازارەکانی جیهانێکی حەقیقی دەکەن کە لە چوارچێوەیەکی جوغرافی دیاریکراودا ئاوێتەی ژیانی ئەم خەڵکە چەوساوەیە بوەتەوە و، بۆخۆشیان بەشێکن لە قوربانیانی ئەم ڕووداوانە.
ڕووداوەکە بەم چەشنە دەست پێدەکات: ئەمیرلەشکەری (یەکێك لە پلە بەرزەکانی عەسکەری لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا) ڕۆژئاوای ئێران، کە کۆنترۆڵ و ئیدارەکردنی ئەم ناوچەیەی لە دەستدایە، تەماح لە کوڕە گەورەی



بنەماڵەی "ڕەزایی" دەکات. بنەماڵەی "ڕەزایی" تازە هاتوونەتە شاری بانە و باوکیان پینەچییە. ئەم کوڕە، لاوێکی زۆر جوان و لەبەردڵان بووە، بەڵام ملکەچی نەزەری ناحەزی ئەمیر لەشکەر نابێت و لەئەنجامدا بە دەسکیسی ئەمیر لەشکەر لە زیندان دەکەوێت. "سمایل" خان یەکێك لە دەرەبەگەکانی ناوچە، کە دەڵاڵی ئەمیر لەشکەر بووە، خوشکی ئەم کوڕە جوانە دەنە دەدات کە لە فریای براکەی بکەوێت و خۆی دەماڵی ئەمیر لەشکەر بهاوێت. "عالیە" بۆ ڕزگارکردنی براکەی پەنا بۆ ئەمیر لەشکەر دەبات و لە ئەنجامدا لەخشتەی دەبەن و بەبێ ئەوەی کە بتوانێ کارێك بۆ براکەی بکات بۆخۆشی لە باری شەخسیەتییەوە تێدادەچێت و داوێنی پێ پیسدەکەن.
براکەی لە زیندان هەڵدێت و خوشکەکەی خۆی دەبینێتەوە و دەکوژێت. ئەوجار داو بۆ ئەمیرلەشکەر دەنێتەوە، بەڵام لەکاتی تەقەکردندا ئەمیر لەشکەر بەرناکەوێت و سەرەنجام برای "عالیە" دەگرن و پاش ماوەیەك ئیعدامی دەکەن.
"حسێن" منداڵێکی دیکەی ئەم بنەماڵەیەیە کە لە دۆخێکی پڕ لە ترس و ماتەمباریدا گەورە دەبێت. "حسێن" لە ڕێگای "برایم"ەوە، کوڕی "سلێمان" ئاغا، دەچێتە نێو ڕیزی خەباتی سیاسی و لە حیزبێکی سیاسیدا دەبێت بە ئەندام و لەئەنجامدا هەردووکیان ڕێگایان لە زیندان دەکەوێ و، هەر لەم زیندانەدایە کە ئەم سەربردە تاڵە هێندێجار لە زمانی حسێنەوە و هێندێجار لە زمانی برایمەوە باس دەکرێت. برایم لەباری بۆچوونەوە دەگەڵ بابیدا کە یەکێك لە ئاغاکانی ناوچەی بانە بووە و لە حکوومەتیشدا دەستی دەڕۆیشت، ناتەبایی هەیە و ئەم ناتەباییە زۆر جار دەبێ بە هەوێنی دەمەقاڵە و تەنانەت دڵ لێك ئێشان. "برایم" لەگەڵ کچێکی غەوارەدا زەماوەند دەکات کە لەباری چینایەتییەوە جیاوازییان هەیەو بەم چەشنە "برایم" بۆ ماوەیەکی زۆر لە بنەماڵەی بابی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام پاش چەند ساڵان بابی برایم نەخۆش دەکەوێت و بۆ عیلاج وەرگرتن دەچێ بۆ تاران و لەوێ لەگەڵ کوڕەکەی ئاشت دەبێتەوە.
ئەمە هێڵی درێژایی داستانەکە بوو کە بەشێوەیەکی زۆر کورتکراوە ئاماژەم پێکرد. هەڵبەت بۆ دەرك کردنی وێنە و دۆخی پڕ لە کارەساتی ئەم داستانە، نووسەر هەوڵیداوە لە هێندێ حاڵەتدا بەشێوەیەکی کۆمیکیش ڕووداوەکان پیشان بدات. لەم داستانەدا توانای نەسری نووسەر بەشێوەیەکی زۆر جوان توانیویەتی وێنەی کەسانی نێو چیرۆکەکەی ڕاڤە بکات و جوانی سروشتی کوردستان پیشانبدات.
ئێپیزۆدەکانی ئەم ڕۆمانە لە چەند قۆناغدا دەێنە بەرباس، کە بریتین لە ڕووداوە تراژیکەکانی بنەماڵەی "ڕەزایی" لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشاوە تا سەردەمێکی کورت بەدوای کودیتای ٢٨ گەلاوێژ (مرداد) ١٣٣٢. نووسەر وێنەیەکی زیندوو لە سەردەمی ڕەزا شا، ڕووداوەکانی ٣٠ی خەزەڵوەری (شهریور) ساڵی١٣٢٠ هەتاوی، ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان، هاتنەوەی هێزە نیزامییەکانی شا بۆ ئەم ناوچانە، گەورەبوونی منداڵان لە دۆخی ئاڵۆز و نائارامی ئەم دەڤەرە و دوخی خەڵکی کوردستان و پێوەندییە ئیداری و عەشیرەییەکانی ئەم دەڤەرە دەدا بەدەستەوە. نێوەرۆکی پڕ لەئەزموونی داستانەکە زۆر دەوڵەمەندە و زمانی نووسەر لە هێندێ حاڵەتدا تەنزاوی و لە هێندێ حاڵەتدا تەنانەت شاعیرانەیە، وەسفی سروشتی کوردستان، بیرەوەرییەکانی زیندان، ئەزموونە کۆمەلایەتییەکان و لایەنە جیاوازەکانی ژیانی خەڵکی ئەم دەڤەرە لە سەردەمی ڕەزاشادا و دوای ئەویش تەمسیلی داستانی گۆڕستانی غەریبان - کە یەکێکە لە گۆڕستانەکانی شاری بانە - زۆر بە جوانی لەم ڕۆمانەدا ڕەنگی داوەتەوە. گۆڕستانێکی کپ و بێدەنگ و ترسناك کە لە ماڵەکانی شار زۆر دوور نییە و تەمسیلێکی گونجاوە بۆ گەیاندنی وێنەی سێبەری مەرگ بەسەر ئەم شارەدا. هێمایەك بۆ مەودای کورتی ژیان و مەرگ، وەك بڵەی مەرگ لەوپەنایە، لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکی ئەمشارەدا چاوەڕێی زیندووەکان دەکات. گۆڕستانێکی تەماوی و تاریك.
لایەنی ڕۆمانس لەم ڕۆمانەدا ئاوێتەی تراژیدی دەبێتەوە و خۆی لە چیرۆکی خۆشەویستی پڕ لە کارەساتی "تەلا" کچی ئاغای ناوچەکە لەگەڵ "سیامەند" کوڕە ڕەعیەتێکی لاوچاکدا دەبینێتەوە. "سیامەند" "تەلا" هەڵدەگرێت و پەنا بۆ ناوچەیەکی دیکە دەبەن، بەڵام "مستەفا" خان بە فێڵ و سوێندخواردن "تەلا" دەگەڕێنێتەوە ماڵێ و پاشان بە بیانوویەك دەیبات بۆ دەرەوەی شار و، سەری براوی "تەلا" بۆ دایکی دەباتەوە. سیامەندیش بەدوای ئەم کارەساتەدا و لە سۆیی ئەوینی سووتاوی، لەسەر گۆڕی دڵدارەکەی بە فیشەکێك کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت. چیرۆکی دووهەم چیرۆکی عەشقی "برایم" کوڕی "سلێمان" ئاغا لەگەڵ "دارگوڵ" قەرەواشی ماڵی ئاغایە، کە دواتر ئاغا بەم چیرۆکە دەزانێت و لە ئەنجامدا "دارگوڵ" لە ماڵی ئاغا دەردەپەڕێنن. ئەم کچە ڕوو لە ناوچەیەکی دیکە دەکات و لەوێ شوو بە پیاوێکی ئاسایی دەکات. "برایم" پێشوێنی "دارگوڵ" دەبینێتەوە و، ئاگادار دەبێتەوە کە "دارگوڵ" دوور لە ناچاری شووی بەم پیاوە کردووە، بەڵام لە دەروونەدا هەر گیرۆدەی عەشقی برایمە. پێکەوە بڕیار دەدەن کە پاش ئەوەی "دارگوڵ" تەلاقی لە مێردەکەی ساند، پێکەوە زەماوەند بکەن. مێردەکەی بەم کەین و بەینە دەزانێت و لە ئەنجامدا "دارگوڵ" دەکوژێت.
ئەگەرچی کۆتایی ئەم چیرۆکە خۆشەویستیانە خۆیان لە سەرەنجامێکی خەماوی و تەمەنایەکی بێ ئەنجامدا دەبینێتەوە، بەڵام هێمایەکە بۆ ترس و توندوتیژیی نواندنی چینی فیئۆدالی ناوچەکە کە وردە وردە سێبەری فەوتان و تێداچوونی خۆیان دەبینن. ئەو شتەی کە بە بۆچوونی من لەم ڕۆمانەدا زۆر گرینگە چێکردنی پێوەندیی نێوان ڕۆمانس و ڕەوتی هەرەسهێنانی سیستەمی فیئۆدالییە، کە لەیەکەم قۆناغدا خۆی لە توندوتیژی نواندندا دەبینێتەوە

و لە کۆتاییدا ڕۆمانس ئیرادەی خۆی وەك جەبرێکی مێژوویی دادەسەپێنێت و ناچار بە سەلماندنیان دەکات. بۆ نموونە ڕازی بوونی "سلێمان" خان بە ژیانی هاوبەشی "برایم"ی کوڕی لەگەڵ کچێك لە ئایین و تەبەقەیەکی دیکە. عەشق سەر لە ماڵی دەرەبەگ دەردێنێت، عەشقێك کە خاڵی کۆتایی هێنان بە سیلسیلە مەراتبی چینایەتییە. لەم ڕۆمانەدا بێدادگەری و بێ ئاگایی وەك دوو عونسوری سەرەکی سەرانسەری ئەم چیرۆکەی داگرتووە کە تەواوبوونی بۆ نییە و زۆر ئازاردەرانە کار لەسەر ئەعسابی خوێنەر دەکات و، هیچ خاڵێکی کۆتایی تێدا بەدی ناکرێت. دایکی "عالیە" دەبینین کە لەدەوری گۆڕی کچ و کوڕەکەیدا دەسووڕێتەوە و جگەرگۆشەکانی دەلاوێنێتەوە. لەسەر ئەژنۆ دەکەوێت و سینگی لە گۆڕی منداڵەکانی دەخشێنێت و شیوەن دەکات: (کافر، چگور دلت ێمد... چگور دلت ێمد... چگور دلت ێمد کە تن و بدن بە این قشنگی، ێن صورت بە ێن نازنینی... ێن گردن بە ێن رعنائی را گناب بیندازی... و قایم بە صورتش می کوبد. پسرم خوب کاری کردی کە محچ دل مادر با خواهرت ێشتی کردی. دخترم! پاشو، داداش بە خانەات مهمان ێمدە.) و لێرەدا گشت تازیەبارەکان لە بێدەنگیدا و لە هەڵقرچانی ئەم دایکە جەرگ سووتاوەدا مات دەبن و تەنانەت مانگ و ڕۆژیش بەرەو ئاوابوونێکی خەماوی لەپشت گۆڕستانەوەکەوە بزر دەبن.

ئەم ڕۆمانە وێنەیەکی زیندوو لە ژیانی خەڵکێکی زوڵم چێشتوو- و هەروەها ساتە پڕ لە خەماوییەکانیان دەدا بەدەستەوە، کە لەبن باری خورافات و چەوساندنەوەی سیستەماتیکی ئیستەبداد دا پشتی چەماوەتەوە. مەیدانی کارتێکەرییە عاتفی و مامەڵەی کۆمەڵایەتیەکانی ئەم خەڵکانە لە دایەرەیەکی تەنگ دا بەرتەسك بۆتەوە، تامی زوڵم و بێدادی دەچێژن، بەڵام هۆکارەکانی ئەم بێدادگەرییە ناناسن. "ڕەزایی" پینەچی کە ماڵ و ژیانی تێداچووە و پەنای بۆ شاری بانە هێناوە، سەر لەم ڕۆژگارە پڕ کارەساتاویانە دەرناهێنێت. لە عالیەی کچی نەبان دەبێت و پێی دەڵێت "سەڵیتەخانم"، بەڵام نازانێ کە کچە بێدەسەڵاتەکەی بۆتە قوربانی سیستەمێکی گەندەڵ و، هەروەها هەوەسبازییەکانی قەزاقێکی بێ ئەسل و نەسەب و ڕەوانیی سەردەمی ڕەزاشا، کە بە تێڵای قانوونەوە و وەك بەڕێوەبەری نەزم و ئاسایش بەربۆتە گیان و ماڵ و نامووسی ئەم خەڵکە بێدەسەڵاتە. تەنانەت ڕێگە بە دایکێکی جەرگسوتاو نادەن کە لەسەر گۆڕی بێ ناونیشانی منداڵەکانی شینگێری بکات و باری قورسی خەمەکانی سووك بکاتەوە. تاسەی عیداڵەتی کۆمەڵایەتی لە دەروونیاندا پەنگی خواردۆتەوە، بەڵام کەس نییە تەفسیرێکی درووست و ئەخلاقیانە بۆ عەداڵەت بکات. ڕوناکبیرەکانیان کە هیچ ئاگاییەکیان لەسەر ژیانی حەقیقی خەڵکەکەیان نییە، لە کاتی پاشاگەردانی دا باس لە ئینقلاب و گۆڕان دەکەن و سوار کۆڵی ئەم خەڵکە بەستەزمانە دەبن. بەڵام کاتێ تووشی گرفت دەبن یاخود کاتێ ڕێیان لە زیندان دەکەوێت، لە پێش هەموانەوە قەڵەم بەدەست دەگرن و تۆبەنامەکانیان پڕ دەکەنەوە و سوێند بە سەری شاهەنشا دەخۆن. ئەوانیش چاوپۆشی لە ڕابردووی خۆیان دەکەن و وەك بلێ ی ئەمە ئەوان نەبوون کە بە شان و ملی ئەم خەڵکەدا هەڵدەگەڕان و نەڕە نەڕیان ئارامی لە خەڵکی شار هەڵدەگرت. وەك بلێ ی تف لە ڕابردووی خۆیان بکەن، بەڵام بەم حاڵەش هەیشتا نەیانتوانیوە ڕەسەنایەتییەك بۆخۆیان چێبکەن، چوونکە بەردەوام لە بیری تەفرەدانی خەڵکی دان. "حالا هم مثل گزشتە کە دایرەای بە مرکز خود و شعاع مملکت رسم کردە بود، دایرەای بە مرکز خود و شعاع زندان رسم کردە است. جز بە خود بە چیز دیگری نمی اندیشد. در دایرە خود ابدا سرگردان نیست. حساب کمترین چیز خود را دارد. از کوچکترین پرتقالی کە ملاقاتی ها برایش می ێورند تا کمترین ێمین و خفیف ترین مردە باد و زندە بادی کە می گوید..." ئەمە تەمسیلی موفەسیرانی عەداڵەت بوو.

"حسێن" منداڵە چکۆلەکەی بنەماڵەی ڕەزایی لەباوەشی ڕەنج و هەژاری دا پەروەردە دەبێت و کاتێ کە دەیەوێ تۆڵە لە کارگێرانی بێدادگەری بکاتەوە، لەداوی کەسانێکی سیاسەتباز دەکەوێ کە ئەگەرچی لافی ئازادیخوازی و ڕێبەرایەتی کردنی خەباتی چینایەتی لێدەدەن، بەڵام خۆیان ئامێری دەستی سیاسەتی هێندێ لایەنی دەسەڵاتخوازن و خەڵك تووشی سەرلێشێواوی دەکەن. حسێنیش ڕێی ی لە زیندان دەکەوێت و بارێکی دیکە دەخاتە سەر خەم و ئازارەکانی بنەماڵەکەی.

"عالیە" کە پێشتر باسم لێکرد، لەم ڕۆمانەدا نوقتەی عەتفی دراماتیك و مەزلوومترین قوربانی سیستەمی گەندەڵی پاشایەتی و عەشیرەییە. ئەو کە بۆ ڕزگارکردنی براکەی دێتە مەیدان، کەچی دەبێتە قوربانیی چاوی نەزەری دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە و لە ئەنجامدا بە ئاوری کورەی غیرەت و ڕقی براکەی دەسووتێت. ئەگەرچی لەباری کۆمەڵایەتییەوە کەسایەتییەکی ڕوخاوی هەیە، بەڵام لەباری وجوودییەوە لایەنە مرۆڤایەتییەکانی خۆی لەدەست نەداوە. ئەو ئیتر ناتوانێ دەلاقەیەکی ڕوون بەرەو ژیانی ئایندەیدا بکاتەوە، بەڵام لە دەروونی پاك و بێگەردی خۆیدا بە ئینسانی دەمێنێتەوە. بە بێدەنگی لە گوشەیەك بە بیردا ڕۆدەچێت و بە بێ دەسەڵاتی چاوەڕێی ژیانی ڕۆتینی و کارەساتاوی خۆی دەکات. کاتێ براکەی بە چەکەوە لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێت، هیچ بەرگرییەك لەخۆی ناکات و لەبەری هەڵنایەت. تەنانەت دەستەو داوێنی دایك و باوکیشی نابێت کە جیرانیەتی، چوونکە بەباشی ئاگاداری قەزاوەتەکانی سەر خۆیەتی. ئەو هەڵەی کردووە، خەتای کردووە، پەڕۆیەکی شینە بەسەر شانی بنەماڵەدا، کەواتە مەحکوم بە تێداچوونە. یەکێك لە گرفتەکانی ژیانی ئەم کچە بەستەزمانە مەوقولەیەکە بەناوی


ئیبراهیم یونسی

"بەدشانسی"، بەدشانسی تیۆرێکی عامیانەیە کە لە مەکتەبی ژیانی خەڵکی چەوساوە و بێ تەبەقەدا مانا و چەمکێکی زیندووی هەیە. دوای ئەوەی کە بەر تەماعی سەرلەشکەر دەکەوێت و داوێنی پیس دەکات، بەرەو بانە دەگەڕێتەوە، لە ڕێگادا سەرهەنگێك عاشقی دەبێت. ئەفسەرەکە تێدەگات کە ئەم کچە زۆر پاك و شەریفە و لەڕاستیدا زۆر بێگوناحە. لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ئازەربایجان و بە ئەمانەت بە پیرێژنێکی دەسپێرێ و خۆی دەچێ بۆ هەمەدان تا بەڵکە زەمینەکانی زەماوەندەکەیان فەراهەم بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کارەکەی زۆر دەخایەنێت، درەنگ دەگاتەوە لای عالیە. ئەو پیرێژنەی کە سەرهەنگەکە عالیەی بە ئەمانەت پێ ئەسپاردبوو لە ڕاستیدا ئافرەتێکی دەلاڵ و ڕیاکار بووە. عالیەی بێ سەرپەنا لە خشتە دەبات و سەرئەنجام سەر لە ماڵێك دەر دەکات کە شوێنی ژنە لەشفرۆشەکانە. سلێمان ئاغا کە جارجارە عالیە بۆ بەزمی مەجلیسەکەی خۆی بانگ دەکات ئاوا دۆخی  ناتەبای ئەم کچە قوربانییە باس دەکات: (یك شب دلش خیلی پر بود. گمان می کنم یکی دو روز پیش از کشته شدنش بود. خیلی گریه کرد... گفتم چرا گریه می کنی؟ ناراحتی ات چیه. به من بگو شاید می توانستم کمکی بکنم. ئ‌ه کشید تفل معصوم... یك تفل به تمام معنی بود. گاه تا غافل می شدی از محیط جدا می شد و زانوی غم به بغل می گرفت. چانەش را بر زانو تکیه می داد و در ئ‌دم خیره می شد. چشمهایش یك کتاب قصه بود. قصه‌ای تلخ. در واقع خودش را از خودش جدا می کرد. انگار ئ‌نکه دستمالی می شود او نیست و کس دیگری است... و او تماشاچی است.)

ئەو چیرۆك نووسانەی کە ژیانی خەڵکی هەژار و لێقەوماو دەکەن بە دەسمایەی چیرۆکەکانیان لە زۆر حاڵەتدا و بەرواڵەت لە دەریای بەزەیی خۆیاندا نوقم دەبن و لە زۆر شوێندا زێدەڕۆیی دەکەن و تەك ڕەهەندیانە باس لە ڕەوەند و میکانیزمەکانی هەژاریی دەکەن. ئەمە لە خۆیدا شێوەیەك مەرابایی کردنی هونەرییە کە لەڕاستیدا بێڕێزی بە قارەمانی چیرۆکەکانیان دەکەن، چونکە لەڕاستیدا قودسییەتێك بە هەژاری و ژیانی هەژاران دەدەن و گشت تاوانەکان دەخەنە پاڵ کەسانی باڵادەست و سیستەمی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا خوێنەر بەرەو تیۆری جەبری کۆمەڵایەتی پەلکێش دەکەن. ئەم کارە نەك هەر لەخانەی هونەردا خۆی نابینێتەوە، بەڵکە بەشێکە لە مانیفێستی کەسانی سیاسی کە بە شێوەیەکی ئامێریی سوود لە کەم ئاگایی خەڵك وەردەگرن. برایمی یونسی لەم ڕۆمانەدا وێنەیەك لە کارەساتەکان دەدا بەدەستەوە و خۆی لە دەرەوەی نەتەیجە گیرییەکانی ڕادەوەستێت و چەوسانەوەی خەڵك ناکاتە دەسمایەی چەواشەکردنی (تحریف) واقیعییەت. باس لەگەندەڵی دەکات بە بێ ئەوەی مەبەستی تەحقیر کردنی ئینسانەکان بێت. ئەم ڕۆمانە هەوڵدەدات وەك چاوەدێرێك تەعامولی نێوان سیستەمی ئیستەبدادی و ژیانی کولەمەرگی خەڵکی ئەو سەردەمە پیشان بدات بۆ ئەوەی بە چاوی ڕوونەوە بیان بینین و هۆکارەکانی ئەم سەربردەیە بناسین کە هەموویان لە بەهێزکردنی ڕەوەندی ستەمی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن، چونکە قبوڵکردنی ستەم لەخۆیدا بەشێکە لە پرۆسەی بەهێزکردنی ئیستەبداد. لەوەها دۆخێکدایە کە بێ ئاگایی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی لە دەستدانی عەیاری چاکە و خراپە، سلێمان خان زەمینەی بەرتیلخۆری و واستەگەری نێوان خەڵك و دەسەڵات لەئەستۆ دەگرێت، سمایل ئاغا دەبێتە دەلاڵی ئەفسەر و دەسەڵاتدارەکانی ناوچە و مستەفا خان وەك نموونەیەکی دیمۆکرات نەیتوانیوە خەڵکەکەی خۆی بناسێت و تەنانەت دەرکێکی دروستی لە بنەماکانی دیمۆکرات بوون نییە و تەنانەت هیچ هیمەتێك لەخۆی پیشان نادات کە نموونەیەکی ڕەفتاری بێت. گوند و مڵك و ماڵەکەی خۆی لە هەموو شوێنێك پیستر و بێ سەروبەرەتر بووە: ( این خانه انگار یك اشتباه تاریخی بود. زوال شبه فئودالیزم در دوران شبانی و شکار. از دوران بوروژوازی.. به جز چراغ...اپری بنود. خودش بود با کیفیت خودش. پس به قول ئ‌قای سلیمانی این دموکرات بازی از کجا ئ‌مده بود؟ همین گور خوش کرده بود دموکرات باشد؟) کە ڕەزاشاش دەڕوات کاسە هەمان کاسەیە و ئاش هەمان ئاش. بۆ چەند ڕۆژێك ئەمیر لەشکەرەکان و سەرهەنگەکان و ڕەئیسی ئیدارەکان خۆیان لە چاوی خەڵك دەشارنەوە و ئەو کاسانەش کە دەرفەتی قوتاربوونیان نەبووە، وەك بڵێی نە بایان دیوە  و نە بۆران، مارابایی لەبەر خەڵکی دەکەن و وەك بڵێی تازە فێری ئەدەب و نەزاکەت دەبن، بە زمانی لووس خۆش و بێش لەگەڵ خەڵکا دەکەن و گشت تاوانەکان دەخەنە پاڵ "بزرگان" و پاشان ئازار و بیرەوەرییەکان دەچنەوە دۆخی ئاسایی، چونکە کەس دەرکێکی ڕوونی لە سەربردەی خۆی نییە و نازانن چۆن لەگەڵ ئازادیدا تەعامووڵ بکەن و سوودی باشی لێ وەربگرن.

**سەرچاوەکان   بە زمانی نەرویژی:**

1.Lukacs Georg, Romanens teori, 2001. 1. utg. Gyldendal.
2.Per Ariansen, Inga Bostad, Steinar Mathisen og Øyvind Rabbås. Exphil I tekster i filosofi og vitenskapshistorie. Universitetet i Oslo, 2006.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

١/ جامعەشناسی ادبیات (دفاع از جامعەشناسی رمان) لوسین گلدمن، ترجمه محمد جعفر پوینده، انتشارات هوش و ابتکار، تهران ١٣٧١
٢/ گورستان غریبان، ابراهیم یونسی، انتشارات نگاه، تهران ١٣٧٢
٣/ هنر رمان، میلان کۆندرا، ترجمه پرویز همایون پور، تهران، انتشارات گفتار، ١٣٦٧